# تا کورد سەربەخۆ نەبێ عارەب خاکی کوردستانیش بە خاکی خۆیان دەزانن!!

ئەحمەد دەشتی



من پێم وایە ئەوانەی کە فرچیکیان بە دوژمنایەتی گەلی کورد گرتووە قەتو قەت لە گەڵ گەلی کورد پاك نابنەوەو کورد بە دۆستی خۆیان دانانێنو خاکی کوردستانیش هەر بە خاکی عارەب دادەنێن!! بە داخەوە تەنیا کوردە کە ئەوان بە برای خۆ دەزانێت، ئەوان شۆڤێنیانە هەرگیز کورد بە خاوەن مافو کوردستان بە خاکی کورد نازاننو هەرگیز دان بە ژیانێکی ئازادو رەهایی بۆ کوردو کوردستان دانانێن! زۆر لە مێژەو ساڵهایە کە ئەم هەستە کەسیفو بۆگەنەی شۆڤێنیەتی عارەب سەری هەڵداوەو دژ بە هەموو ویستو خواستێکی گەلی کورد هەر ماونو رەفتار دەکەنو وەستاونو دەوەستن، دەبینین بە زۆر ناوەوە ئەوان ماوە بە ماوە لێمان قیت دەبنەوەو زۆر بە راشکاوی دژ بە گەلی کوردی ستەم دیدە دەوەستنو هیچ رێزێکیش بۆ هاوپەیمانەیشیان دانەناوەو قەتیش رێز دانانێن، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەوانیش چاك دەزانن کە ئەم هەموو کارەساتو ماڵ وێرانییانەی کە بە سەر گەلی کوردو کوردستان هێندراوە هەمووی لە سایەی ئەو هەستە کەسیفانە بووە کە ئەو دڕندانەی دیرۆکیو داگیرکەرانی کوردستانو بە تایبەتی رژێمەکانی یەك لە دوای یەکی عێراقو هەستی دکتاتۆرەکانی وەکو سەدام لە هەموو کاتێکدا کە هاتوونەتە سەر کارو بۆیان لواوەو ئەوا دڕندانە سەریان هەڵداوەو پەلاماری خاکی کوردستانیان داوەو قەتیش واز ناهێنن، ئەوان هەست گلاوانە هەمیشە دوژمنکارییان دژ بە گەلی کورد ئەنجامداوەو خۆیان بە سەر کوردو کوردستاندا سەپاندووە، هەر لەو کاتەوە کە بەناوی دەوڵەتی عێراقیشیان لەو سایەوە وەدی هێناوە ئەوا بەو هەستە شۆڤێنییەیانەوە دژایەتی گەلی کوردو کوردستانیان کردووەو گەلی کوردیان لە هەموو مافێکی نەتەوایەتی خۆیدا هەتا ئەمڕۆش بێ بەش کردووەو دژ بە گەلی کورد هاتوونە مەیدانو بە هەزاران کارەساتو نالەبارىو ماڵوێرانییان دژ بە کوردو کوردستان وەدی هێناوە، هەتا ئەمڕۆش لێنەگەڕاون کە عێراقێکی دیموکراتو پڕ لە ئاشتیو ئاسایشو عێراقێکی پێشکەوتووو ئاوەدانو دوور لە ستەمو خاپوورکردن وەدی بێت، کە ئەمڕۆش کورد هەوڵی بۆ دەدات کە لەو سایەشدا گەلی کوردو هەموو کەمە نەتەوایەتییەکان بگەین بە مافی ژیانی سەربەرزانەو بگەن بە رێزی هەموو گەلانی پێشکەوتووی جیهان، هەر ئەوان دکتاتۆرو شۆڤێنیانە بوینە کە ئەوا ئەمڕۆش هەر ماوونو کە وا هۆکاری هەموو ماڵوێرانییەکان بوینەو وا ئەمڕۆش لێناگەڕێن کە هەموو خەڵکی عێراق بە کوردو عارەبو کەمە نەتەوایەتییەکانی تر کە لە سەر خاکی عێراقدا دەژین ئازادو رەها لە ناو ماڵو زێدی باوكو باپیرانیخۆیاندا دوور لە چەوساندنەوەو سەپاندنی زوڵمو زۆرداری بە سەریاندا بژین، بە تایبەتی گەلی کورد کە ئەگەر بۆیان بلوێتەوە قەت لێناگەڕێن لە سەر خاکی کوردستان خۆیدا سەربەرزانە بژین، لە دوای ئەم هەموو وێرانیو کوشتو کوشتارو دەربەدەریو ئەو رووداوە ناخۆشانەی کە ئەمڕۆش لە سەر خاکی کوردستانو عێراق روو دەدەنو رۆژێ نییە کارەساتێ لە سەر ئەم خاکە زێڕینە روو نەداتو گیانی دەها خەڵکی بێ گوناه نەبێتە قوربانی هەستی خەراپکارانو تیرۆریستانو ئەوانەی کە هەرگیز ئاسایشو ئارامییان ناوێتو هەر ئەوانن کە بوونەتە هۆکاری ئەو هەموو ماڵوێرانییو ئاوارەییو خوێن رشتنەی کە ئەمڕۆش وا دەبینین.

بەڵێ هۆکارە هەر مەزنەکانی ئەم هەموو رووداوانەو نەبوونی ئاشتیو ئاسایش هەمووی دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە هەتا ئێستاش رێز لە مافی چەوسێنەرانی وەك گەلی کورد نەهێندراوەو هەمیشە هەوڵی ئەوە دراوە کە مافی رەوای گەلی کورد پێشێل بکرێتو گەلی کورد وەك هەمیشە ماف خوراوو بێ دەرەتانو دەربەدەرو ئەنفالو ئاوارە بکرێتو لە ناو زێدی باپیرانی خۆیدا هەر ژێردەستی داگیرکەرە دڕندەکان بمێنێ، گەلی کوردو کوردستانی ئازیزو خۆشەویستی لێزەوت بکرێتو دوور بێت لە مافی چارەنووسی خۆی، ئەمڕۆ کە هەلێکی پیرۆز بۆ بەختەوەری هەموو گەلانی عێراقو بە تایبەتی گەلی کورد هاتۆتە ئاراوەو هەموو دڵسۆزانی کوردو دیموکراتیخوازانی عێراقو مرۆڤ دۆستانی پاكو بێگەرد لە هەوڵی دروستکردنی عێراقێکی فیدراڵو دیموکراتو ئازاد لە هەوڵو تەقەلادانو دەیانەوێ کە جارێکی تر کارەساتەکانی رابردوو وەدی نەیەتەوەو کوردو هەموو گەلانی عێراق لە ژیانێکی شەرافەتمەندانەو ئازادو رەها بژینو گەلی کوردیش لە ناو ئەو عێراقەدا بە مافەکانی خۆی شاد بێتو دەستوورێکی پاکی هەمیشەیی بۆ هەموو گەلانی عێراق کە مافی هیچ کەسێ پێشێل نەکرێتو لەو دەستوورە هەمیشەییەدا مافی گەلی کوردو گەلانی تر دابین بکرێتو کوردستانو تەواوی عێراق بەرەو پێشکەوتنو ئاوەدانیو شادمانی بڕوات، کەچی دەبینینو دەبیستین کە شۆڤێنییەکانو ئەوانەی کە هەر لە رابردووشدا هۆکاری ئەو هەموو کارەساتانەی رابردوو بووینە وا دێنەوە مەیدانو دژ بە کوردو کوردستان دەوەستێنەوەو بە قەد تۆسقاڵێ بەندیان لەو رابووردووە پڕ لە کارەساتو ناخۆشییانەی مرۆڤ کوژی دوێنێو ئەمڕۆ وەرنەگرتووە، هەر بە راشکاوی دژ بە مافی هەموو ویستو خواستەکانی گەلی کورد دەکەنو بە راشکاوی دژ بە مافی فیدراڵینو دەیانەوێت کە خاکی عێراق هەر بە بەشێك لە خاکی عارەبان بێتو هیچ رێزێك لە مافی گەلی کوردو کوردستانی زێدی باوكو باپیرانی کورد ناگرنو دژایەتی هەموو ویستو خواستەکانی هەزاران هەزار قوربانی دانو ماوەی ساڵهای ساڵ خەباتو تێکۆشانی گەلی کورد دەکەن، هەرچەندە کە گەلی کورد هەتا ئەم کاتەش دەیەوێت لە ناو عێراقێکی دیموکراتو فیدراڵ بە ئاشتیو ئاسایشو رێز لە یەکترنان بژێتو بەڵام دەبینین کە ئەوان عارەبانەو چۆن بیر دەکەنەوەو هەتا ئەمڕۆش هەوڵی وەدی هێنانەوەی کارەساتەکان دەدەن، کە من وەك کوردێك پێم وایە ئەگەر کورد بە مافی چارەنووسی خۆی کە سەربەخۆیی کوردو کوردستانە شاد نەبێت ئەوا هەر وا بە سادەییو نەرمی بەرامبەر بە دوژمنانی دیرۆکی خۆی بووەستێتو کێشە گرینگەکانو مافە پێشێلکراوەکانی کورد هەر ئاوا دوا بخرێتو ئاکامەکانی سبەی رۆژ دیارنو ئەوان دوژمنانەی دوێنێو ئەمڕۆش بە کوردو کوردستان ئەنجامی دەدەنو قەتیش دان بە مافی گەلی کورد نانێن بە تایبەتی بە مافی چارەنووسی کورد، نایەڵن کە کوردو کوردستان ئازادو پڕ لە ئاشتیو ئاسایش بژیتو کەرکوکی دڵی کوردستانو هەموو ناوچە بە عەراباوی کراوەکان بگەڕێنەوە سەر خاکی کوردستانو هەموو کێشە هەڵواسراوەکانی کە بۆ گەلی کورد خەتی سوورن چارەسەر بکرێنو دوایی بە هەموو کێشەکانی کوردستان بهێندرێت، ئەوانەی کە ئەمڕۆش دژایەتی کورد دەکەنو یاساکانی سەدامیو ئەو هەموو گۆڕانکاریو بە عەرەباوی کردنی کوردستانو ئەو هەوو دربەدەرکردنی خەڵکی کوردییان پێ راستو رەوایەو بۆیان بلوێتەوە خەراپتر بە سەر خەڵکی کوردو کوردستان دێننەوە، بۆیە گەلی کورد دەبێ هەرگیز باوەڕیان پێ نەکاتو بزانێت کە ئەوان پیاو خەراپانەو ئەو هەستە کەسیفانە لە ناو دەروونیاندا وا دروست بووینە کە هەمیشە دژ بە کوردو کوردستان بنو هەر بۆیان بلوێت هەموو رێسێکمان لێ دەکەنەوە بە خوریو کارەساتەکان زیندوو دەکەنەوە.

# دەستوری هەمیشەیی عێراق و دوو دەسەڵاتی کوردستان

شێخ بەکر شوکرەڵا



لەکاتێکدا دەستووری هەمیشەیی عێراق ئەنوسرێتەوە. لەکاتێکدا نوێنەرانی کوردی لە بەغدا لەشەڕێکی سیاسی چارەنوسسازدان، لەکاتێکدا هەموو لایەنی عارەبەکانی عێراق بەهەموو جۆرەکانیانەوە زۆر بەتوندی جێگاپێی سەدامو بەعسییەکانیان هەڵگرتووە بۆ بەرەنگاربوونەوەی مافەکانی (کورد) و درێژەدان بەچۆکدادانمان بۆیان، ئالەم کاتە زۆر هەستیارو چارەنووسسازەدا سەرکردایەتی دوو دەسەڵاتدارەکەی خواروی (کوردستان) سەرلەنوێ کۆبوونەوە و دوای کۆبونەوەکەیان هەروەك جاران باسی بەرەوپێشچوونی گفتوگۆکان گراو مژدەیان داینێ کە ئەنجامی کۆبونەوەکەیان زۆر باشەو مژدە بەخشە.

هەروەها دەرکەوت کۆبونەوەکە تەنها بۆ گفتوگۆ بووە لەسەر (دەستووری هەمیشەیی عێراق) و مادەی ٥٨ی یاسای بەڕێوەبردنی (دەوڵەتی عێراق).کۆبونەوەکەش هەروەك جاران لەنێو هەردوو مەکتەبی سیاسی دوو لایەنە زەبەلاحەکە بوو.

دەستووری هەمیشەیی عێراق، ئەو دەستوورەی کە بەڕاپرسی هەموو عێراقیەکان ئەچەسپێ و ئەکەوێتەکار، ئەو دەستورەی کە ئەگەر هەندێ برگەی تێدابێت باسی لە (کوردو خوارووی کوردستان) بکات، ئەوە بێگومان باسێکی سەرپێی ئەبێت، بەڵام دڵنیاتان ئەکەم؛ راپرسیەکە سەرپێی نابێ، ئەی هەنگاوەکانی یەکگرتنەوەی دوو ئیدارەکە چییان بەسەرهات؟ ئەبێ یەکێك لەو هەنگاوانە توشی هەڵنوتان نەبووبێت؟ بڕواتان بێت ئێمەمانان بە هەڵنوتان کەمتر دلگران ئەبین، بەمەرجێك نەگاتە سەرسمدان.

ئێستا لە عێراقدا کەسانێك هەن کە کوردن و ئەندامی پەرلەمانەکەی عێراقنو لەهەمان کاتدا هەندێکیان ئەندامی لیژنەی نوسینەوەی دەستوری عێراقن، بۆ کوردستانیش پەرلەمان هەیەو ئەوانیش پرۆسەی دەستووریان هەیە بۆ عێراقەکە و بۆ (کوردستان)یش، هەروا هەمووان ئاگادارین بۆئەوەی مافەکانی (کورد) لەخوارووی (کوردستان) بەدەست بهێنرێت، ئەندامانی (کورد) لە پەرلەمانەکەی عێراقدا وابەستەن بەبڕیارەکانی پەرلەمانەکانی خوارووی (کوردستان)و هەردوولایان بەیەك دەست و بۆیەك ئامانج کارئەکەن، ئیتر چ پێویست ئەکات دوو (م.س)ەکە بەو جۆرە خۆیان شپرزە بکەن خۆیان کارێك کە لەمێژە بڕگەکانی دیاریکراوە؟

هەردوو (م.س) بۆچی ئەوکاتە (زۆر کەمەی) لەبەردەمدا ماوە ئاوا بە ئاسانی بەفیڕۆی ئەدەن بۆ دەستووری عێراق کە بەڕاپرسی هەموو عێراقییەکان ئەبێ پەسەند کرێ و بەدڵنیایی پەسەند ناکرێ ئەگەر مافە ڕاستەقینەکانەکانی (کورد)ی تێ خزێنرابێ؟ کە ئەمیشیان کارێکی زۆر گرانە؟ هەتاکەی هەردوو زەبەلاحەکە ڕیزەکانی خوارەوەی خۆیان بەگێل تێ ئەگەن؟ هەتاکەی بەرژەوەندە قێزەونەکانی گروپەکان ئەخرێنە پێش بەرژەوەندە پیرۆزەکانی (نەتەوەکەمان)؟ کە ڕەنگە ئەگەر بێتو بەرژەوەندی گروپ بەبێزرێ ئیتر دوای ئەوە بیر لە بەرژەوەندی (نەتەوەمان) نەکرێتەوە.

لەڕاستیدا هیچ جۆرە زمانێك نەماوە مرۆڤی (کورد) لەگەڵ دەسەڵاتدارەکانی خۆیدا پێی بدوێ، کێشە سەرکیەکەش ئەوەیە دوای بەکارهێنانی هەموو جۆرە زمانێکی نیشتمان پەروەرانەو هۆشمەندانەو نەگەیشتن بەئەنجام، ئەوە مێنێتەوە رۆڵی کردەوەی کاریگەر لەلایەن رۆڵەکانی خوارووی (کوردستان) و پەنابردنیشە بۆ رۆڵەکانی نەتەوە، بەڵام بۆ ئەمەشیان ئەبێ کەبیرمان لەئەنجامەکەی کردەوە، ئەگەری ئەوە هەیە کە لاوازکردنی دەسەڵاتەکانی خۆمان ڕەنگە ببێتە هۆی بەهێزکردنی دوژمنان و داگیرکەرانی (کوردستان).

ئەی چی بکەین باشە؟ ئەم وەڵامە وا لەلای هەموو رۆشنبیران و ڕیزەکانی خوارەوەی هەردوو حیزبە زەبەلاحەکەو پێشمەرگەکانی (کوردستان) کە کاتی ئەوە هاتووە بیسەلمێنن پێشمەرگەی (کوردستان)ن نەك...

# عەرەب هەر عەرەبە!!

هێمن حەساری

سەربارو بن باریدژایەتیکردنی بێ سنووری کورد لە لایەن عەرەبە سوونەکانەوە کە رۆژ بە رۆژ زیاتر لە پەرەسەندندایە تا گەیشتۆتە ئەو ئاستەی ئەو گروپەی کە بەشدارە لە لیژنەی داڕشتنی دەستوور، ئامادە نین تەنانەت گوێیان لە وشەی فیدراڵی بێت، کە کورد وەکو مەتڵەبو تاکەرێگە بۆ پێکەوە ژیان داوای دەکات لەم لاوەش حکومەتەکەی جەعفەری هەر هەمان رێچکەی گرتووەو چۆتە سەنگەری سوونەکانەوە!! واتە شیعە مەزهەبیشی هاتە پاڵ، دیسانەوە لە عێراقی نوێدا کورد تەنها میللەتەکە بە پلە دوو تەماشا بکرێت، تەنها هاووڵاتییەکە نامۆ بی بەو وڵاتە، واتە ئەمانیش لەگەڵ ئەوانەی دوێنێ هیچ جیاوازییەکییان نییە.. کەچی سەرکردەکانمان (نەك میللەتی کورد) هەنگاوی ئەوە دەنێن کە لەگەڵ عەرەبی ئەمڕۆ عێراقێکی نوێ بونیاد بنێتەوە.. بەڵام ئەگەر کار وا بڕوات دەبی ئەو رۆڵە ئەکتیڤو ئیجابییەی کە سەرکردایەتی کورد ئەمڕۆ لە عێراقی نوێدا دەیگێڕنو رەنگی داوەتەوە، هەرەس بێنێت دەنا رێگە چارەیەکی دی بە دوو دەزانێت..

کشانەوەی دەنگو رەنگی کورد لە بەغدا، خۆی لە خۆیدا هەرەس بە حکومەتەکەی جەعفەری دێنێتو ئەو دروستبوونەوەیەش دوادەخات کە بەندە بە بەشداریکردنی کورد لەو عێراقە، ئەو کات رەنگە بۆ نموونە داوا لە ئەیاد عەلاوی بکرێت کە حکومەتێکی نوێ پێك بهێنێت، پێموایە گەر وابوو، ئەوا دیسانەوە داوا لە کورد دەکرێت، ئەو کاتیش بە قازانجی کورد دەبێت، نەك ئێستای حکومەتەکەی جەعفەری..

نیازی شیعە، زۆر روونو ئاشکرایە، بەلام ئێمەی هەمیشە خۆ بە پلە دوو زان، هێشتا دڵی خۆمان بەوە دەدەینەوە، کە بڵێین نا رۆڵی ئێمە لەم قۆناغەدا زۆر گرنگەو مەرجیشە.. بی بەشداریکردنی کورد، عێراق دروست نابێتەوە..

بەڵێ لەم کاتەدا رۆڵی ئێمە زۆر گرنگە تاکە جەمسەرە دژ بە یەکە عەرەبەکانی نێو عێراق بە (ئاشتبوونەوەی نیشتمانی) لە سەر خاکی کوردستان بە ئەنجام دەگەیەننو ئاشتیان دەکەینەوە، رۆڵمان پێویستەو زۆریش گرنگە، بەڵام دوای ئەوە ئەوان کۆك دەبنو لە دژی ئێمە دەبنە یەك.. گەر وانییە، ئەی کێ دەیگوت شیعەی مەزلومی دەستی بەعس.. بۆچی دەیانەوێ کێشەی کەرکوكو چارەسەرە هەڵسپێردراوەکەی ئەو شارە دوا بخەن بۆ دوای دەستوور.. ئەدی وا بڕیار نەبوو هەر لە دوای پێکهێنانی حکومەت لە بەغدا بە زووترین کات ماددەی ٥٨ جێبەجێبکرێت، کورد زیاتر لە سەد جارە باس لەو بڕیارە دەکاتو فشار دەخاتە سەر بەغداو ئەمریکاو داوای جێبەجێکردنی ئەو ماددەیە دەکات کە چارەسەرێکی گونجاوەو پەیوەستە بە راماڵینی ئاسەواری دەستی بەعس لەو شارە کوردسستانییەداو گەڕانەوەی ئاوارەکانو قەرەبووکردنەوەیانو هاوردەکانیش بگەڕێنەوە، کەچی ئەوان بە گفتوگۆی درۆ دەیانەوێ رازیمان بکەنو ئەمڕۆ بخەنە سبەینێو سبەینێش دوابخەن.. ئامادەن هەموو شتێك بکەن لە پێناوی ئەوەی کەرکوکی کوردستان نەگەڕێتەوە باوەشی دایکی..

گرنگ ئەوەیە کە ئێمە دەرك بەوە بکەین (عەرەب هەر عەرەبە).. هەقیش نادرێت، دەسەندرێت..